# خوشکەکەی ڤووزی چی گوت؟


Nina Orange
Wiehan de Jager
Agri Afshin

kurdisk (sorani)
nivå 4

(uten bilder)

بەیانییەکی زوو داپیرەی ڤووزی بانگی کرد: “ڤووزی کوڕم، وەرە ئەم هێلکەیە ببە بۆ دایك و باوکت. ئەوان دەیانهەوێ کیکێکی گەورە بۆ زەماوەندی خوشکەکەت دروست بکەن.”

لە ڕێگای چوون بۆ لای دایك و باوكی، ڤووزی دوو كوڕی بینی كە خەریكی میوە لێكردنەوە بوون. یەكێك لە كوڕەكان پڕیدایە هێلكەكە و لە ڤووزی ستاند و لە دارێكی ڕاكێشا. هێلكەكە شكا.

ڤووزی گریا و گوتی: “ئەو چیت کرد؟” ئەو هێلکەیە بۆ دروستکردنی کیك بوو. کیکەکەش بۆ شاییەکەی خوشکم بوو. بڵێی خوشکەکەم بڵێ چی ئەگەر کیکی زەماوەندەکەی نەبێ؟

کوڕەکان ناڕەحەت بوون لەوەی کە ئازاری ڤووزیان دابوو. یەك لەوان گوتی: “ئێمە ناتوانین لە دروستکردنی کیك یارمەتیت بدەین، بەڵام ئەم گۆچانە بۆ خوشکەکەت ببە.” ڤووزی بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.

لە ڕێگای ماڵەوە دوو پیاوی بینی کە خەریکی خانوو دروستکردن بوون. یەکێك لەوان پرسی: "ئێمە دەتوانین ئەو گۆچانە بەهێزەی تۆ بەکار بێنین؟" بەڵام گۆچانەکە بۆ میچی خانووەکە زۆر بەهێز نەبوو و شکا.

ڤووزی گریا و گوتی: “ئەوە تۆ چیت کرد؟ ئەو گۆچانە دیارییەك بوو بۆ خۆشکەکەم. باخەوانەکان ئەوەیان پێ دابووم لە جیاتی ئەوەی کە هێلکەی کیکەکەیان شکاندبوو. ئەو کیکەش بۆ شاییەکەی خوشکم بوو، بەڵام ئێستا نە هێلکە هەیە، نە کیك و نە دیارییش. بڵێی خوشکم بڵێ چی؟”

وەستاکان زۆر دڵگران بوون لەشکاندنی گۆچانەکە. یەکێك لە وەستاکان گوتی: “ئێمە ناتوانین لە دروستکردنی کیك یارمەتیت بدەین، بەڵام هەندێك کا ببە بۆ دروستکردنی خانوو بۆ خوشکەکەت.” دواتر ڤووزی بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.

له ڕێگا، ڤووزی جوتیارێکی بینی که مانگایه‌کی پێ بوو. مانگاکه گوتی: “چ کاییه‌کی به‌تام، ده‌توانم هه‌ندێکی لێ بخۆم؟” تامی کایه‌که زۆر خۆش بوو و مانگاکه هه‌مووی خوارد!

ڤووزی بە گریانەوە گوتی: “ئەوە چیت کرد؟ ئەو کایە دیاری بوو بۆ خوشکم. ئەوە وەستاکان پێیان دابووم لەبەر ئەوەی گۆچانەکەیان شکاندبوو. ئەو گۆچانەش باخەوانەکان پێیان دابووم لەبەر ئەوەی هێلکەکەیان شکاندبوو کە بۆ دروستکردنی کیك بوو. ئەو کیکەش بۆ زەماوەندیی خوشکەکەم بوو. ئێستا نە هێلکە هەیە، نە کیك و نە دیارییەکیش، تۆ بلێێ ئێستا خوشکم بلێ چی ؟”

مانگاکە زۆر دڵگران بوو لەوەی کە ئەوەندە نەوسن بووە. جوتیارەکە ڕازی بوو کە ئەو مانگاکە وەکوو دیاری ببات بۆ خوشکەکەی. دواتر ڤووزی بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن.

بەڵام مانگاکە لای ئێوارێ ڕای کردەوە بۆ لای جوتیارەکە. هەروەها ڤووزی لە ڕێگادا ون بوو. ئەو زۆر درەنگ گەیشتە زەماوەندی خوشکەکەی. میوانەکان دەستیان بە نانخواردن کردبوو.

ڤووزی بە گریانەوە گوتی: “دەبێ چی بکەم؟ ئەو مانگایەی ڕای کرد دیاری بوو، ئەو کایە وەستاکان پێیان دابووم لەبەر ئەوەی گۆچانەکەیان شکاندبوو. باخەوانەکان ئەو گۆچانەیان پێ دابووم لەبەر ئەوەی هێلکەی کیکەکەیان شکاندبوو. کیکەکەش بۆ زەماوەندەکە بوو. ئێستا نە هێلکە هەیە، نە کیك و نە هیچ دیارییەکیش.”

خوشکەکەی ڤووزی کەمێك بیری کردەوە و دواتر گوتی: “ڤووزی، براکەم، ئەو دیارییانە بە لای منەوە هیچ گرنگییەکیان نییە. هەتا کیکەکەش بۆم گرنگ نییە! ئێمە هەمووومان پێکەوە لێرەین و من خۆشحاڵم! ئێستا برۆ جلە جوانەکانت بپۆشە و وەرەوە ئەم ڕۆژە جێژن بگرین!” ڤووزیش ئەو کارەی کرد.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## خوشکەکەی ڤووزی چی گوت؟

Skrevet av: Nina Orange
Illustret av: Wiehan de Jager
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 3.0 Internasjonal Lisens.